السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# پارشێومان کرد لەگەڵ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-، پاشان هەستا بۆ نوێژ کردن. ئەنەس دەڵێت: ووتم بەزەید: ماوەی نێوان بانگدان وپارشێو چەندێک بوو؟ ووتی: بە گوێرەی خوێندنی پەنجا ئایەت

لە زەیدی کوڕی سابتەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پارشێومان کرد لەگەڵ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-، پاشان هەستا بۆ نوێژ کردن. ئەنەس دەڵێت: ووتم بەزەید: ماوەی نێوان بانگدان وپارشێو چەندێک بوو؟ ووتی: بە گوێرەی خوێندنی پەنجا ئایەت».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

هەندێك لە هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- پارشێویان کرد لەگەڵ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-، پاشان پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- هەستا بۆ ئەنجامدانی نوێژی بەیانی. ئەنەس ووتی بە زەیدی کوڕی سابت -ڕەزای خوایان لێبێت-: ماوەی نێوان بانگدان وتەواو کردنی پارشێو چەندێك بوو؟ زەید -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: هێندەی ماوەی خوێندنی پەنجا ئایەتی مامناوەند، نە ئایەتە درێژ ونە ئایەتە کورتەکان، ونە بە خوێندنەوەی خێرا ونە بە خوێندنەوەی هێواش.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4457

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee